

# تێڕوانینێك بۆ وتەی
# (بيننا وبينكم الجنائز)

د. إحسان برهان الدين

Ihsanburhan

# تێڕوانینێک بۆ وتەی: (بيننا وبينكم الجنائز)

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناسنامەی کتێب


- ناوی پەرتووک: تێڕو انینێك بۆ وتەی: (بیننا وبینکم الجنائز)
- نووسینی: احسان برهان الدين
- نەخشەسازیی ناوەوە: عبدالله خاکی

بسم الله الرحمن الرحيم

## تێڕوانینێك بۆ وتەی: (بيننا وبينكم الجنائز)

ئەم وتەیە قەولێکی بەناوبانگی ئەحمەدی کوڕی حەنبەلە لە کتێبی سؤالات السلمي للدارقطني بەسەنەدێکی صحیح هاتوە کە ئەحمەد فەرموویەتی: " (قولوا لأهلِ البدعِ: بيننا وبينكم يومُ الجنائزِ) واتە بە بیدعەکاران بلێن نێوان ئێمە و ئێوە ڕۆژی بەرێخستنی تەرمەکانمانە بۆ سەرقەبران، واتە مەبەستی ئەوە بووە خەڵکێکی زۆر شوێنی تەرمەکانی ئێمە ئەکەوێت و تەررمەکانی ئێوە خەڵکێکی زۆر بۆ سەرقەبران شوێنی ناکەوێت، ئەم قسەش ئەگەر دایبەزێنینە سەر پێشەوا ئەحمەددا بەراورد بە نەیارەکانی لە ئەهلی بیدەع ڕاستە، جەنازەی ئەحمەد سەدان هەزار کەسی بەدواوە بوو، بە دەربڕینی ئەم ڕۆژگارەی خۆمان جەنازەیەکی ملیۆنی بووە، جەنازەی بیدعەکاران خەلکانێکی کەمی بەدواوە بوو.

هەندێك لەزانایانیش ئەڵێن پێشەوا ئەحمەد مەبەستی زۆری ژمارەکە نەبووە بەڵکو مەبەستی جۆری کەسەکان وباشی و سەرڕاستی ئەوان بووە لەگەڵ پەروەردگار و لەگەڵ دینەکەیاندا، بەهەر حاڵ لەبەر ئەوەی زیاتر بە زۆری ژمارە تەفسیر کراوە، پێویستە لەسەر ئەم وتەیە بوەستین و لە چەند ڕوویەکەوە هەڵیسەنگێنین:

- ئەم قەولەی ئیمام ئەحمەد بە ڕەحمەت بێت ئەگەرچی سەنەدەکەی ڕاستە و وای فەرموودە بەڵام قسەی ئەو نەئایەتە و نەفەرموودەیە و نە لەئایەت و فەرموودەشەوە وەرگیراوە، بۆی هەیە لە کات و سەردەمێکدا ڕاست بیت بۆی هەیە لە کات و سەردەمێکی تردا نەك هەر ڕاست نەبێت بەڵکو پێچەوانەکەشی ڕاست بێت، مەسەلەکەش پەیوەندی زۆری زۆری جەماوەری ئەو زانایەوە هەیە، هەروەها پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەو ململانێ سەختەوە هەیە کە پێشەوا أحمد لە دژی موعتەزیلەکاندا دەستی پێکردبوو.

- أحمد بن حنبل جیاواز لە پێشەوایان و زانایانی تری ئیسلام تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە ڕەنگە لەگەڵ هیچ زانایەکی تردا هاوشێوە نەبێت ئەویش وەستانی بووە لە ڕووی بانگەشەی موعتەزیلەکان لەمەسەلەی خەلقی قورئان و ئەو مەینەتییەی بەو هۆکارەوە بەسەریدا هاتووە.
- ئەم وتەیەی پێشەوا ئەحمەد بنەمایەك نییە لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئیشی پێ بکرێت، بۆیە ئەگەر بڵێین بۆ سەردەمی خۆی ڕاست بووە، بەڵام بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو سەردەم و شوێنانەی کە کوفر تێیدا باڵا دەستە، یان جاهیلییەت و بیدعە تێیاندا ئەسڵ و باوە، بنەمایەکی ڕاست نییە، بەڵکو پیچەوانەکەی ڕاستە، چونکە بەو وتەیە بێت ئەهلی بیدەع لەسەر حەقن و ئەهلی سونەت لەسەر باتڵن، چونکە دەسەڵات و زۆرینەی خەڵك هەواداری ئەهلی بیدعەن و پشتگیرییان دەکەن، کاتی مردنی کەسێك لەوانە خەڵکانێکی زۆر شوێنی جەنازەکەیان دەکەون، نموونەکان لەوە زۆرترن کە بیانژمێرین.

- گرنگ ئەوە نییە کاتێك کەسێك بمریت وەکو ژمارە خەلکانێکی زۆری بەدواوە بێت، بەڵکو گرنگ ئەوەیە ئەوانەی شوێنی جەنازەکەی دەکەون ئیماندار و موەحید بن.

- بۆ نموونە ئێستا لەم سەردەمەی خۆماندا، پێوەرەکان بۆ مەسەلەی زۆر و کەمی شوێنکەوتنی جەنازە، ئەوەندە پەیوەندییان بە دەوڵەمەندی و پێگەی کۆمەڵایەتی وحیزبی و سیاسی وعەشیرەتی مردووەکەوە هەیە، پەیوەندییان بە پابەند بوونی خودی کەسەکەوە نییە بە ئیسلامەوە، چجای پایەند بوون بە ئەهلی سونەتەوە، بۆیە گشتاندنی ئەو وتەیەی پێشەوا ئەحمەد هەڵەیە و لە تێنەگەیشتنی واقیعەوە سەرچاوە دەگرێت.

- بەڵکو حەقیقەتێکی تریش هەیە لەم سەردەمەدا کە ڕێك لەگەڵ وتەکەی پێشەوا ئەحمددا بەڕەحمەت بێت تێکدەگیرێت ئەویش ئەوەیە: ئیسلام لەم سەردەمەی خۆماندا وەکو مەنهەج و عەقیدە لە ئەوپەڕی غەریبی و نامۆییدایە، شوێنکەوتوانیشی کە دەیانەوێت ئیسلام وەکو ئەوەی لە کیتاب و سونนەتدا هاتووە جێبەجێ بکەن، خەلکانێکی نامۆ و ناشیرینکراوو و تۆمەت بۆ هەڵبەستراون لە ناو کۆمەڵگادا وجاری وا هەیە خەریکە لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا جێگایشیان نابێتەوە و وەکو خەڵکانێکی زیادە یان گێرە شێوێن وێنا دەکرێن وئەوەندە عەقیدەی ئیسلام لە لای خەڵکی غەریب بووە بەو جۆرە کەسانە دەڵێن دینێکی تازەیان هێناوە! خودی موسوڵمانان وئەوانەی مزگەوتەکان ئاوەدان ئەکەنەوە بە ڕاددەیەك چوونەتە ژێر کاریگەری جاهیلییەتی هاوچەرخ و گومڕاکانەوە، هەر ئەوەندەیان ماوە بەوانەی کە دەست بە عەقیدەو مەنهەجی ئەهلی سوننەتەوە ئەگرن بڵێن: (**أخرجوهم من قريتكم إنهم أناس يتطهرون!**) بێگومان کاتێك یەکێك لەوانە بمرن مەگەر هەندێ لەو غەریبانەی وەکو خۆیانن

شوێنی جەنازەکانیان بکەون، بۆیە ئەو وتەیەی ئیمام أحمد بەهیچ شێویەك ناشێت ببێتە پێوەر، نەخۆیشی ویستویەتی وا بێت.

- لەلایەکی تریشەوە زۆر کەس هەیە لەوانەیە وەلی و خاوەن تەقوا و عەقیدە پاك و بەو شێوە بن کە الله و پێغەمبەرەکەی صلى الله علیه و سلم داوایان کردووە، بەڵام کەس نایانناسێت، یان خەلکانێکی کەم دەیانناسێت، بۆ نموونە فەقیر حاڵ بوونە وخزم وقیلەیان کەم بووە و خاوەنی پێگەو بڕوانامەی بەرز و سەروەت وسامانی زۆر نەبوونە، کە ئەوانە هەمووی هیچ پەیوەندییەکی بە پێگەی کەسەکەوە لەلای الله نییە، ئەوانە کاتێك دەمرن لەوانەیە دە کەس دوای جەنازەکەیان نەکەوێت، بە چ پێورەێك ئەوە ببێتە نیشانەی ئەوەی کە لە ئەهلی سوننەت نەبووە؟ !

- زۆربەی خەڵکی ئەم سەردەمە بە موسوڵمانانیشەوە، عەقڵیان لە چاویاندایە، بۆ نموونە تاکو نەبینن کەسێك مەشهورە و قسەزانە و شەكڵ وشێوەی جوان ومەقبولە و جل وبەرگەکەی مارکەیە و پۆستەکانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە هەزاران لایك و کۆمێنتی بۆ دەکرێت گوێی بۆ ناگرن. ئەگەر بەو شێوەیەش بەردەوام بێت تاکو دەمرێت چاوەڕوانکراوە جەنازەیەکی زۆر ئاسایی و فەقیرانەی هەبێت زیاتر کەسە نزیکەکانی خۆی بەدواوەی بن.

- لەم ڕۆژگارەی خۆماندا بە شارەزایی لە کیتاب و سوننەت و عەقیدەی ڕاست و درووست ئەو کەسە هیچ کەسایەتی بۆ نموونە لە ناو کورددا بەهێز و بەناوبانگ نابێت، بەڵکو بۆ ئەوەی ببیتە کەسایەتییەکی وا کاتێك مردی بەهەزاران شوێنی تەرمەکەت بکەون، ئەبێت باوەڕت بەشێکی ئیسلام هەبێت و بەخێرایی و بەبی ڕاوەستان بەسەر بەشەکەی تریدا تێپەڕیت.

دەبێت بە هیچ شێوەیەك گرنگی بە عەقیدە وهەندێ باسی تر نەدەیت، هەر بەلایشیدا نەچیت، حاڵت حاڵی زۆربەی مامۆستایانی ئایینی و ئەوانە بیت کە خۆیان بەخاوەنی ئیسلام ئەزانن و عەقیدەشیان کردووەتە مەسەلەیەکی لاوەکی، ئەگەر ئەتەوێت کاتێك مردی جەنازەکەت بەسەدان و بەهەزارانی بەدواوە بێت، نابێت بەهیچ نەیارێکی ئیسلام و بە هیچ کافرێك بڵێیت کافر. بەڵکو ئەگەر زۆر بیرت لای ژمارەی شوێنکەوتوانی تەرمەکەتە دوای مردنت نابێت نە بە جولەکە و نە بە گاوریش بڵێت کافر، دەبێت بڵێێت بەهەشت ئەوەندە گەورە وفراوانە جێگای ئەوان و هەموو بێ باوەڕێکیشی تێدا دەبێتەوە. ئینجا دەیان باس هەیە لە قورئان و سونەتدا ڕێك وشەی بقەی بەسەردا جێبەجێ ئەبێت و دەبێت لە مامۆستایان و وتاربێژانەوە فێربیت کە ئەو باسانە وەلا خراون و بەکەڵکی باس کردن نایەن، ئەگەر بەو شێوە بێت کاتێك مردی جەنازەیەکی بەڕێز وشکۆدارت ئەبێت لە ڕووی ژمارەوە، بنەماڵەکەشت ئەگەر ئەوانیش وا بیر بکەنەوە

شانازی پێوە بکەن! ئەگەرنا هەندێ نامۆی لە خۆی نامۆتر نەبێت کەسی تر شوێن جەنازەکەی ناکەوێت.

- ئەگەر وردبیتەوە لەو کەسایەتی و ناودارانەی لەناو کورددا مەشهورن و چاوەڕوان کراوە کاتێك بمرن تەرمەکانیان لە کەژاوەیەکی شکۆداردا بەرەو سەرقەبران بەڕێ بخرێتن، ئەوانەن کە:

*بە شێوەیەك لە شێوەکان دەسەڵاتی عەلمانی لێیان ڕازییە و شێوازی بانگەواز و دینداریيەکەیانی لە لا پەسەندە و بە باش ئەزانێت.

*هەروەها کەسانێکن بە هیچ بێ دینێك ناڵێن بێ دین، بەڵکو یان هەر بەلای مەوزوعەکەدا ناچن، یان ئەڵێن خوا خۆی ئەزانێت کێ ئەچێتە بەهەشت ودۆزەخەوە.

*هەروەها کەسانێکن دڵی خەڵکی عاجز ناکەن و لەگەڵ شەقامن، کەسانێکی مۆدێرنن گوێ لە گۆرانی دەگرن، گرنگی بەهونەر ئەدەن، سەردانی بەرپرسان دەکەن، ڕایان بەرانبەر سستمەکانی ئەم سەردەمە بەتایبەت دیموکراسی زۆر باشە یان بەلای کەمەوە باسی ناکەن و قسەیەك ناکەن دڵی کەس لە خۆیان بڕەنجێنن.
*تەنها فەرمان بەنوێژ و ڕۆژوو چاك بوون لەگەڵ دراوسێ و کۆمەڵێك باسی لەو شێوە ئەکەن ، لێزانن چاك دەزانن بۆ ئەوەی وەزعەکەیان لێ تێکنەچێت دەبێت چی بڵێن و چی نەلین.
*بۆ نموونە زۆربەی ڕەهای مامۆستایان لەوانەیە پەنجاساڵ خەتیب بێت، هەرگیز باسی ولاء و براء و مەرجەکانی لا إله إلا الله و هەڵوەشێنەرەوەکانی ئیسلام و خراپی بیدعە و ناساندنی فیرقەکان و گرنگی شوێنکەوتنی سەلەف و دەیانی مەسەلەی لەو شێوە بۆ خەڵکی ناکەن، بەشێکیان لە ئیسلام هەڵبژاردووە کە دەسەڵاتەکان لە هەموو وڵاتێکدا بۆیانی دیاری دەکەن و پێیان خۆشە باس بکرێت، دەژین و دەمرن تەنها ئەوانە باس ئەکەن. ئەوانە کاتێك کە دەمرن وتەکەی پێشەوا أحمد لەسەریان جێبەجێ دەبێت چونکە خەڵکی شوێنی

تەرمی ئەوانە ئەکەوێت نەك کەسێك سەرزمان و بن زمانی عەقیدە بووە و بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوی ڕوبارەکەوە مەلەی کردووە.

- بۆیە ئەگەر دوور نەرۆین وباسی کوردی خۆمان بکەین، دەبینین زیاتر کەسێکیان بەلاوە موسوڵمان و زانا و بانگخوازێکی باشە کەسێکی قسەزان بێت، زمانی لە کاتی قسەکردندا گت نەکات و بەڕەوانی قسە بکات، مەنهەج و عەقیدە زۆر کێشە نییە بەلایانەوە چونکە ئەسڵەن زۆری لەسەر نازانن و **(الناس أعداء لما جهلوا)!** ئەگەر کەسێك بەو شێوە بێت ئیتر ئەگەر سیڤییەکەی وەکو شەوی تاریك ڕەش بێت، کێشەی دین و ڕەوشتیشی هەبێت چاوپۆشی لێ دەکرێت، گرنگ ئەوەیە قسەزان بێت وسیمای جوان بێت ودەنگی زوڵاڵ بێت خوتبەکەی خۆش بێت و شێوازی وتارەکانی سەرنج ڕاکێش و چێژ بەخش بێت، لەو حاڵەتەدا دەڵێن بەڕاستی ئەوەیە مامۆستای بەتوانا سەیریکە چۆن قسە ئەکات؟

ئەوانە بمرن با چەند لە دینی حەقیش دوور بووبن، با نیوەی ئیسلامیان لە خەڵکیش شاردبێتەوە، با بە ئیسلامەوە نان و پیازیشیان خواردبێت هیچ کێشە نییە و بەهەزارەها شوێنی تەرمەکانیان دەکەوێت و بەوەش بۆت دەردەکەوێت وتەکەی ئیمام أحمد وتەیەکە بۆ سەردەم و حاڵەت و بۆنەیەکی تایبەت وتراوە، بۆ ئەو کاتە ڕاست بووە، بەلام بۆ ئێستە لە زۆربەی حالەتەکاندا تقریبا پێچەوانەکەی ڕاستە.

- ئەمە جگە لەوەی زۆرێك لەوانەی لەم ڕۆژگارەدا لەسەر مەنهەجی خودی ئیمام ئەحمەدن بەڕەحمەت بێت، هەر بەسەر زەویدا ناتوانن بە ئازادی ڕێبکەن و نە ئەشتوانن عەقیدەکەیان ڕابگەیەنن چونکە ئازار دەدرێن و زیندانی دەکرێن، نموونەی ئەوانەش لە زۆر وڵاتدا هەیە و زۆریشە، جا ئەگەر کەسانێك لەوانە ڕزگاریشیان بێت، کاتێك کە دەمرن، خەڵکی ئەگەر بشیانەوێت شوێنی تەرمەکانیان بکەون ناوێرن و ئەترسن تووشی لێپرسینەوە بین، بەوەش ئەو وتەی أحمد لەوە دەردەچێت کە وتەیەك بێت هەمیشە کاری پێ بکرێت و ڕاست بێت.

- له هەموویشی ناخۆشتر کە دەکرێت بیکەین بە بەڵگە لەسەر ئەوەی ئەو وتەی أحمد قابیلی جێبەجێ کردن نییە ئەوەیە، ئەمڕۆ بیدعە و ئەهلی بیدەع خاوەنی بەرەیەکی تۆکمە و فراوان و بەهێزن لەناو کۆمەڵگادا، خەڵکیش بەدرێژایی دەیان ساڵ کە بیدعەیان لەلا شیرین کراوە ئەوە لەسەر بنەمای نامۆکردنی سوننەت و شوێنەواری سەلەف بووە، ئێستا ئێمە لە واقیعێکی تاڵدا ین بەدەیان ساڵ درووست بووەو ڕەنگە دەیان ساڵی بوێت تاکو لابچێت، بۆیە مەسەلەی ڕێژەی ئەوانەی کە شوێن تەرمی زانایەك دەکەون تاکو موبتەدیعتر بێت چاوەڕوانکراوە ژمارەکە زۆرتر بێت، تاکو بەشێوەیەکی ڕاست و درووستتر دەستی بە ئیسلام و بەتایبەتی عەقیدەی ئیسلامەو گرتبێت چاوەڕوانکراوە تەرمەکەی زۆر بەبێ نازی و بەبێ کەسی بەرەو سەرقەبران بەڕێ بخرێت، ئەوەش هیچ زیانێکی بۆی نییە، وەکو چۆن زۆریی ژمارەی ئەوانەی شوێن تەرمی ئەهلی بیدەع دەکەون موبتەدیعەکە هیچ سوودێکیان لێ وەرناگرێت.

بێگومان نابێت کەس وا تێبگات کە من بە ڕەهایی وتوومە ئەوەی خەڵکی زۆر بەدوای جەنازەکەیەوە بێت کەسێکی خراپ بووە و ئەوەی خەڵکاێکی کەم بەدوای جەنازەکەوە بووە کەسێکی باش بووە، نەخێر ئەوە هیچ بنەمایەکی گشتگیر و هەمیشەیی نییە، بەڵکو بە پێی حاڵی مردووەکە و عەقیدە و ئیمان و تەوحید و کۆششێتی لە پێناو دینی الله تعالى ئەوە پێوەرەکەیە.

## لە کۆتاییدا ئەڵێم:

ئەمانە تێگەیشتن و تێڕوانینی شەخسی خۆم بوو، ئەگەر ڕاستیم پێکابێت داواکارم الله پاداشتم بداتەوە وببێتە مایەی سوود، ئەگەر هەڵەم کردبێت و لەهەندێکیدا ڕاستیم نەپێکابێت ئەوە لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤێکی لاوازم و هەڵەم بەسەردا تێدەپەڕێت ولەمە و لە هەر باسێکی تردا کێ بەبەڵگەوە هەڵەیەکم بۆ ڕاست بکاتەوە من وەکو دیاری لێی وەردەگرم و سوپاسی دەکەم.

إحسان برهان الدين